ئەوەی دەنێردرێتە دەرەوە نەوتی خاو نییە، نەوتی ڕەشو نەفتەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە ئاشکرا تەندەری بۆ کردۆتەوەو کۆمپانیاکانی بانگ کردووە، کام کۆمپانیا توانای هەیە ئەو نەوتە دەباتە دەرەوە. نەبردنە دەرەوەی کارگەرییەکی خراپ دەکاتە سەر ژینگە، هەروەها ناردنە دەرەوەی ئەو موشتەقاتە لەچوارچێوەی ئەو گەمارۆیەدا نییە کە بەسەر ئێراندا سەپێنراوە. پرۆسەی ناردنە دەروەی ئەم موشتەقاتە سالانی پێشتریش هەبووە، بەڵام کە گەمارۆی ئابوری خرایە سەر ئێران، رۆژنامەی نیۆرک تایمز لەڕێگای پەیامنێرەکەیانەوە لەهەولێر بابەتێکی بڵاوکردەوەو ئەو هەڵا گەورەیەی نایەوە.

> بێ هیچ گومانێک پارتی بەنیاز نییە پاشەکشە بکات لەیاسای ڕۆژنامەگەری

ئێمە لەکابینەی پێنجەم سیاسەتی حکومەتی هەرێممان لەسەر دوو پرەنسیپی گرنگ دارشت، یەکەم، سەربەخۆیی لەکارەبا، دووەم سەربەخۆیی لەسوتەمەنی. ئێستا وردە وردە بەرهەمەکەی دەچنینەوە، بۆ نمونە ئێستا بۆ نەوتی رەش پێویستمان بە حکومەتی ناوەندی نییە، جاران دەبوایە چاوەروان بوینایە، ئێستا خۆمان ئیکتفای خۆمان دەکەین، بۆ نەوتی سپیش لەهەنگاو هەڵهێناندادین. ئێمە لەهەردوو بوارەکە کارەباو سوتەمەنی بەرەو سەربەخۆیی دەڕۆین.

**ئاوێنە:** ئەو نەوتە چەند ساڵێکە دەڕوات، بەڵام داهاتەکەی نەهاتۆتە سەر بودجەی بۆ نمونە ٢٠١٠، ئەو داهاتە چی لێهاتووە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** راستە ئەو پارەیە نەچۆتە سەر ئەو بودجەیەی کەلەبەغدا دێتو، لەحسابێکی تایبەت لەکوردستان کۆکراوەتەوەو دەستی لێنەدراوە. چونکە هەمیشە وامان لێکداوەتەوە کە ڕۆژێک لەڕۆژان پێویست دەکات هەقو حسابێک لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵ بەغدا بکەین، ئێمەش بە شەفافانە لەسەر ئەو پارەیە قسەیان لەگەڵدا بکەین.

**ئاوێنە:** وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی پێشوو کە جەنابت ئاگاداری ئەم بڕە پارەیەیت، کێیتر لەحکومەت ئاگادارەو بڕەکەی چەندە؟

> ئەم کتێبە بەپارەیەک دەرچووە کە لەلایەن مامۆستا نازم نوێنەری حکومەتی هەرێمەوە لەتاران دراوە بە قانعی فەرد. ئەمە سەرەتای هەڵەکەیە

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەو پارەیەی کە دانراوە کاتی خۆی لەحسابی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بووە، من خۆم وەک سەرۆک وەزیران ئاگادار بووم، جێگری سەرۆک وەزیران ئاگاداربوو، لەحسابێکی تایبەتی دانراوە، پارەکە هەمووی لەنێوان ٢٠٠ تا ٢٥٠ ملیۆن دۆلارەو زۆر زۆریش شەفافە. وەک ئاگادارم ئەنجومەنی وەزیران لەکابینەی شەشدا ماوەیەک لەمەوبەر بڕیاری ئەوەیاندا ئەو پارەیە بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان خەرج بکرێت کەمن پێموایە، کارێکی زۆر بەجێیەو پشتگیری تەواوی دەکەین.

**ئاوێنە:** هەر لەو بوارەدا زۆرجار ناوی تۆ دێت کە تۆ کۆمپانیای نەوتت هەیە، لەهەندێکیشدا شەریکییت، لەوانە باس لەکۆمپانیای عێراق ئۆیەڵ دەکرێت کە موڵکی تۆ بێت، لەوبارەیەوە چی دەڵێیت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** سەرەتا من هیچ شەریک نیم لەمەسەلەی عێراق ئۆیەڵ، ئەم کۆمپانیایە یەکێک لەو کۆمپانیایانەی کە موشتەقاتی نەوتەکە دەگوازێتەوە. ئەو کارەشی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، نەک بۆ نێچیرڤان بارزانی. لەم کارەشەدا کە ئەم کۆمپانیایە بە شەفافانە بۆ حکومەتی هەرێمی کردووە، ئێستا حکومەتی هەرێم خاوەنی نزیکەی٢٥٠ ملیۆن دۆلارە. ئەم کارەش نە دوور نە نزیک هیچ پەیوەندییەکی بە شەخسی منەوە نییە.

**ئاوێنە:** وەک بزانیت کۆمپانیای عێراق ئۆیەڵ موڵکی کێیە؟

**نێچیرڤان بارزانی:** عێراق ئۆیەڵ کۆمپانیایەکی ئەهلییە، کۆمەڵێک خەڵک دایانمەزراندووە، من یەکێک لەوان دەناسم یەک جار بینیومە. دەمەوێت ئەوەش بڵێم زۆرجار ناوی پارتیش دەلکێنرێت بەو کارەوە، من دڵنیاتان دەکەمەوە، پارتی نە لەدوور نە لەنزیک هیچ پەیوەندییەکی بەو ناردنە دەرەوەی نەوتەوە نییە. تەحەدا دەکەم ئەگەر یەک فلس بۆ پارتی چووبێتو پارتی هیچ پەیوەندییەکی بەو مەسەلەیەوە نییە. بەڵام زۆر جار بۆئەوەی وەزنی شیعرەکە تەواوبێت کە ناوی یەکێتی هات، ناوی پارتیش دەهێنن، ئێستا وای لێهاتووە بۆ هەر کارێکو بۆ هەر خراپەیەک بۆ تەواوونی وەزنی شیعر، دەزانن پارتیشی تیا نییە، بەڵام ناوی دەهێنن، یان بە پێچەوانەوە ناوی یەکێتی دەهێنن.

> گۆڕان ئەو هەڵەی لەدەستدا کە هەڵسوکەوت بکات وەک ئۆپۆزسیۆنێکی ماقوڵ کە بتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ حکومەتی هەرێم لەبواری چاکسازیدا

**ئاوێنە:** زۆرجار ناوی تۆ دێت لەگەڵ کۆمپانیای DNO ئەو کۆمپانیایەی نەوت لەزاخۆ دەردەکات، کە شەریکیت لەگەڵ ئەوان، لەو بارەیەوە چی دەڵێت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** DNO یەکەم گرێبەست بووە لەهەرێمی کوردستاندا کەمن ئیمزام کردووە. دەتوانم زۆر بە شەفافیەتەوە پێت بڵێم شەخسی من نێچیرڤان بارزانی، یان پارتی، کەسێک لەئێمە نە پشکی هەیە، نە لەهیچ شتێکدا هاوبەشە دەتوانیت لەسەرۆکی کۆمپانیاکەش بپرسیت.

بۆئەوەی شەفافیەتی ئەو گرێبەستەش بۆ خەڵکو گشت لایەک رونبێتەوە، ئێمە گرێبەستەکەمان لەوێب سایتی حکومەتی هەرێم وەک خۆی بڵاوکردۆتەوە.

**ئاوێنە:** با بگوێزینەوە بۆ پەیوەندی ئێوەو گۆڕان، ناو بەناو ئێوە لەگەڵ ئەواندا ئاساییین، بەڵام پاش ماوەیەک نێوانتان تێکدەچێت، هۆکەی چییە، ئەو پەیوەندییە چۆن لەئاینەدەدا ڕێکدەخرێت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** سەرەتا کە گۆڕان دروست بوو من هەمیشە وتومە کە پێویستە واقیع بینانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا بکەین. ٢٥ کورسیان لەپەرلەمان هەیە، دەبێت ئێمە ڕێز لەئیرادەی ئەو دەنگانە بگرین کە دەنگیان بەو لیستە داوە کە ئێستا بۆتە حیزبو جەنابی کاک نەوشیروان سەرکردایەتی دەکات. لەلێدوانە ڕۆژنامەوانییەکانیشمدا ئاماژەم بۆئەوە کردووە هەر کاتێک داوای مۆڵەتیان کرد لەحکومەتی هەرێم، ئێمەش وەک پارتی بەفەرمی لەگەڵ ئەم حیزبە دادەنیشین. ئەم سیاسەتە هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووەو بەردەوامە. بەداخەوە گلەیی ئەوە لەگۆڕان دەکەم، دوای شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان، بەبێ موناسەبە، خۆیان پێش دادگاو لێکۆڵینەوە خست، بوون بەهەڵگری ئاڵای ئەم مەسەلەیەو ئیتهامکردنی پارتی لەسەر ئەو مەسەلەیە. بەداخەوە پێموایە ئەو هەڵەیەکی ستراتیژیی بوو گۆڕان کردی. دەبوایە گۆڕان بەشێوەیەکی بەرپرسانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا بکات، کە لەم وڵاتە دێنە پێشەوە، بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین گۆڕان ئەو هەلەی لەدەستدا کە هەڵسوکەوت بکات وەک ئۆپۆزسیۆنێکی ماقوڵ کە بتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ حکومەتی هەرێم لەبواری چاکسازیدا. لەو کێشەیەدا خۆیکرد بە لایەندار لەکێشەکە کە نەدەبوایە ئەو هەڵە ستراتیژییە بکات. بەڵام بەئێستاشەوە کە ئێمە دەیبینین ئەوان بزووتنەوەیەکن هەن، ئێمە پشتگیری دەکەین لەوەی کە نوێنەرانی ئەمان لەو گفتوگۆیانەی لەسەر پرسەکانی کورد دەکرێت بەشداربن، وەک ئەوەی ئیتلافی لیستە کوردستانییەکان.لەم بوارەشدا ئێمە پێشنیارێکیشمان هەیە جەنابی کاک نەوشیروانو سەرۆک بارزانیش یەکتری ببینین. ئێمە دەبێت هەموومان هەوڵبدەین بارودۆخەکە هێوربکرێتەوە چاکسازی بکرێت. ئێمە ئێستا کار لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەین.

**ئاوێنە:** ئایا پارتی لەگەڵ ئەوەشدایە مانگانە گۆڕان وەک هەر حیزبێکی تری کوردستان بودجەی تایبەتی خۆی هەبێت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** من لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پارتیو یەکێتی زۆر بەهێزەوە پێم لەسەر ئەوە داگرتووە. هەر لەمەسەلەی مۆڵەتی حیزبەکەوە کارئاسانیمان بۆ کردوون، هەروەها پشتگیری ئەوە دەکەین کە بۆ گۆڕان وەک هەر حیزبێکیتر بودجەیەکی مانگانەی بۆ دابنرێتو جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر بەجدی پشتگیری لەوە کردووە کە دەبێت ئەم بزوتنەوەیە بودجەیەکی بۆ دابین بکرێتو جەنابیان ئەمری بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردوە کە دەبێت ئەو بابەتە بەزوترین کات بۆیان دابین بکرێت.

**ئاوێنە:** پارتی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لەناوچەکانی سلێمانیو گەرمیان کردووە، بۆئەوەی بارودۆخی جەماوەری پارتی لەو شوێنانە باشتر ببێت، بەڵام تۆ هەست ناکەیت هەندێک لەو بەرپرسانەی داتان ناون لەوێ، ڕوویەکی ئەمنین، هێندەی ڕوویەکی سیاسی بن؟

**نێچیرڤان بارزانی:** دەشێ هەندێک لەمان پێشتر لەدەزگا ئەمنییەکان کاریان کردبێت، یەکەم، ماوەیەکی زۆرە لەدەزگا ئەمنییەکان نەماونو کاری حیزبی دەکەن، دووەم، دانانی ئەم هەڤاڵانە بە پشتگیری تێکڕای سەرکردایەتی پارتیو مەکتەبی سیاسی بووەو دڵنیام ئەو هەڤاڵانە دەتوانن ڕۆڵی خۆیان بە باشی ببینن، ئەم گۆڕانکارییانە بەپێی ئەو وەزعەی لەوێیە دەبوایە بکرێن. بە بۆچوونی من ئەو دەڤەرە ئیشی زیاتری دەوێت.

لەو باوەڕەدام جدیەتی کارەکان دوای کۆنگرەی پارتی دەردەکەوێت.

وەزعی پارتی لەسلێمانی بەو شێوەیەی کە ڕەنگدانەوەی تێکۆشانو ماندووبوونی پارتی بێت، بەو شێوەیە نییە. ئەمە ڕاستییەکەیە. ئەمەش هۆکاری مێژوویی خۆی هەیە. بەڵام لەو باوەڕەدام پارتی بواری زۆرتری هەیە لەسلێمانی. شارێکە هەمیشە پشتگیری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووەو مەڵبەندی ڕۆشنبیریو خەباتیش بووە بۆ کوردو بۆ پارتیش، بۆیە ئەو وەزعەی ئێستای پارتی لەسلێمانی شایستەی ئەو تێکۆشان مێژووە نییە.

**ئاوێنە:** لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا پەکەکە ئاگر بەستی ڕاگەیاند، سەرۆکی هەرێمو بەڕێزت دەستخۆشیتان لێکردن، ئایا هەر لەمەدا دەمێنێتەوە، یان هەوڵی ترتان هەیە بۆ ئاشتی؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئێمە وەک پرەنسیپ باوەڕمان بەوە هەیە کە مەسەلەی کورد بە توندتیژیو شەڕ چارەسەرناکرێت، ئەمە کێشەیەکی سیاسییەو پێویستە لەو ڕێگایەشەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووین کە پەکەکە ماوەیەک لەمەوبەر دەستپێکردنەوەی شەڕی ڕاگەیاند لەگەڵ تورکیاو بەکارێکی باشمان نەزانی. ئێستا ئەو ئاگربەستەی کە ڕایگەیاندووە بەهەنگاوێکی گرنگی دەزانین، هیوادارین دوو لایەنە بێت، تەنها بەیەک لایەنی نەمێنێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا هەر دەورێک پێویست بێت سەرۆکی هەرێمو حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆک کۆمار بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ئێمە پشتگیری دەکەینو هەوڵی بۆ دەدەینو بەدڵنیاییەوە هەوڵدەدەین ئەو دەورەش ببینین.

**ئاوێنە:** دەنگو باس وا هەیە کە تۆ پەیوەندییەکی باشت لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا تەیب ئۆردوغان هەیە، ئایا ئەو پەیوەندیە بۆئەوەیە لەو بوارەدا هەندێک هەنگاوی تیا بنرێت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا پەیوەندییەکی باشە. منیش وەک شەخسی پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ سەرۆک وەزیرانو بەرپرسەکانی تورکیادا هەیە. ئەم پەیوەندیە، پەیوەندییەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دوولایەنی ئێمەو تورکیا. ئەم پەوەندییە دەبێت پەیوەندییەکی ستراتیژی بێت بۆ هەرێمی کوردستان، تورکیا وڵاتێکی گرنگە دەروازەی ئەورووپایە بۆ هەرێمی کوردستان. دەبێت ئێمە هەوڵبدەین ئەم پەیوەندییە ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ تورکیا بەرەو باشتری بەرین. لەو چوارچێوەیەدا هەرچی پێمان بکرێت بۆئەوەی کێشەی کورد لەتورکیا بەڕێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێت ئەوە بە واجبی خۆمانی دەزانین بیکەینو دەشیکەین.

> ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووین پەکەکە شەڕی دەستپێکردەوە، ئێستاش ئەو ئاگربەستەی کە ڕایگەیاندووە بەهەنگاوێکی گرنگی دەزانین، هیوادارین دوو لایەنە بێت، تەنها بەیەک لایەنی نەمێنێتەوە

**ئاوێنە:** لەم ماوەیەی دوایی لەڕۆژنامەکاندا باس لەوە دەکرێت کە ژمارەیەک کادیر لەپارتی جیابوونەتەوەو پێدەچێت حزبێک یان بزوتنەوەیەکی سیاسی دروست بکەن، لەو بارەیەوە چی دەڵێت؟

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەمە هیچ ئەسڵو ئەساسی بۆ نییە هەواڵێکی دروستکراوەو دوورە لەڕاستی.



# زۆرێك لەئاوێنە

بەختیار عەلی دەینوسێت

# پێڵاوەکەی سەندرێلا

چیرۆکی سەندرێلا یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە نامرێت، من لەهەموو قۆناغەکانی تەمەنمدا بیستوومەو ئێستاش هەر جارێک بکرێت بە فلیمێکی نوێ حەزدەکەم ببینم. باوەڕناکەم هیچ کەسیش هەبێت چیرۆکەکەی نەبیستبێت، هەتا ئەوانەی نەخوێندەوارن، چیرۆکەکەیان بەدەمی یان لەڕێگای سینەماو تەلەفزیۆنە بیستووە یان بینیوە. زۆر کەس ناوبانگو بەردەوامی چیرۆکەکە دەگێڕنەوە بۆ ستراکتورە سادەکەی، ئەوەی چیرۆکی کچێک دەگێڕێتەوە، لەپێشچاوی خێزانەکەی خۆیدا بێڕێز تەماشادەکرێتو دواتر خەون بەوەوە دەبینێت لەو دۆزەخەی ماڵ ڕزگاری ببێتو بتوانێت وەک کچانی دی، جوانی خۆی دەرخاتو لەئاهەنگی گەورەدا سەمابکات. خەونەکەی سەندرێلا لەڕێگای فریشتەیەکی دڵنەرمەوە دێتە دیو سەندرێلا ئەو هەلەی دەستدەکەوێت، بەسوار گالیسکەیەکی شاهانە بچێت بۆ یەکێک لەئاهەنگە گەورەکانی کۆشک، کە تێیدا ئەمیری وڵات بۆ دەستگیرانو هاوسەری پاشەڕۆژ دەگەڕێت. سەندرێلا لەئاهەنگەکەدا سەرەنجی میری گەنج ڕادەکێشێتو لەگەڵیدا دەچێتە سەمایەکی دووروودرێژەوە، کاتێک لەمەستی ئەو سەمایە بەئاگادێتەوە کاتژمێر تەنیا چەند چرکەیەکی ماوە بۆ ئەو وادەیەی تێیدا فریشتە دڵپاکەکە بۆی داناوەو دەبێت هەموو جلو بەرگو ئەمانەتەکانی بگێڕێتەوە. سەندرێلا لەڕاکردندا تاکێک لە پێڵاوەکانی لێدەکەوێتو ئەو تاکە پێڵاوە دەبێت بە تەنیا ئاسەوار کە ئەمیر بە هەموو وڵاتدا دەیگێڕێت تا خاوەنەکەی دەدۆزێتەوە.

چیرۆکەکە هەموو ئەو ڕەگەزانەی تێدایە کە دەشێت خەیاڵی هەموو کچێکی ئاساییو هەستی هەموو مرۆڤێکی سادە بجوڵێنێت. ئەو چیرۆکانەی کە باس لەبەسەرهاتی کەسێکی نەدارو ژێر جەور دەکەن کە دوای مێژوویەکی درێژ لەناخۆشی فرسەتی ڕزگارییان دەستدەکەوێتو لەبازنەی ژیانی تاریکی پێشوویان دەردەچن، هەمیشە لای بینەرانو خوێنەران گەورە دەکەونەوەو هەستو نەستیان بە جۆرێکی گەورە دەخرۆشێنێت، لەڕووی هونەرییەوە ئەم جۆرە چیرۆکانە شێوەی ستیریۆتوپێک «قاڵبێکی ئامادەودووبارە» وەردەگرن کە هەمیشە لەسەر کلێشەیەکی دیاریکراو دەڕۆن، هەمان پێکهاتی حیکایەت بە مەبەستی دروستکردنی هەمان ئیحساسات دەخەنەکار. ئیدی ئەدەبو سینەما لەسەر فۆرمی سەندرێلاو لەسەر ڕۆشنایی کلێشە ئامادەکەی ئەودا بەردەوام چیرۆکو فلیم دروستدەکەنو قاڵبە بنەڕەتییەکی لەشێوەی حیکایەتی تازەدا دووبارەدەکەنەوە. ڕەنگە گەورەترین کارێک لەمێژووی ئەدەبدا بشێت بخرێتە ژێر ئەم کلێشەیەوە «ئۆلیڤەر تویست» بێت، وە دواگرنگترین کارێک لەسەر ئەم فۆرمەو لەبەر ڕۆشنایی ئەم کلێشەیەدا سەرکەوتنی جیهانی بەدەست هێنابێت فلیمی«سلامدۆگ ملیۆنێر» بێت ... کە فۆرمێکی مۆدێرنی چیرۆکی سەندرێلایە. بەڵام لەدەرەوەی ئەم شاکارە گەورانە، قاڵبی چیرۆکەکە لەسەدان چیرۆکو کلیپیشدا بەکاردێتو بەکارهاتووە، بەجۆرێک ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت لەسینەمای میسریو هیندیدا ئەو فلیمانە بژمێرێت کە دەچنە ژێر ئەم کلێشەیەوەو لەسەر شێوەی ئەم قاڵبە داڕێژراون.

پرسیارێک لێرەدا ڕەوایە بیکەین ئەوەیە: گەر چیرۆکی سەندرێلاو ستراکتورەکەی بووبێت بە کلێشەیەکی وەها باو، گەر بووبێت بە یەکێک لەو فۆرمانەی حیکایەت کە بەرپرسە لەبەشێکی زۆر لەسادەییو ڕووکەشگەراییو ئیبتیزال، بووبێت بە بابەتێکی زبڵ خولقێن بۆ میدیا گەورەکان. بۆ تائێستا چیرۆکی سەندرێلا خۆی کارمان تێدەکات. ئایا لەچیرۆکەکەدا شتێک هەیە جیاواز لەخەونی کچێکی سادە کە دەیەوێت ببێتە ژنە ئەمیر. ئایا جگە لەم خەونە کە دەشێت خەونی ژمارەیەکی زۆر کچی سادەی دونیا بێت، شتێکی نهێنیترو ڕەگەزێکی ژێرەوانکێتر هەیە کە ئەو سیحرەمان لێدەکات؟.

بەبۆچوونی من لەسەندرێلادا ڕەگەزێکی گرنگتر هەیە، وادەکات چیرۆکەکە لەوە دەرچێت تەنیا چیرۆکی هاتنەدی خەونی ئەستەمو نەکردەی کچێک بێت، شتێک کە بەجۆرێک لەجۆرەکان ناڕاستەوخۆ ئیحساساتمان دەجوڵێنێتو جۆرە ئاماژەیەکی نهێنیمان بۆ دەنێرێت کە لەخواستی سەماکردنی سەندرێلا لەگەڵ کوڕە میردا قووڵترە.

چیرۆکەکە بە دوو ئاراستەدا دەخوێنرێتەوە: ئاراستەی یەکەمیان ئەوەیە: سەندرێلا چۆن دەگاتە میر؟. ئاراستەی دووەمیش : میر چۆن دەگاتەوە سەندرێلا؟. لەئاراستەی یەکەمدا نوسەری سەندرێلا چارەیەکی فەنتازیو سیحریمان پێشکەشدەکات، بەوەی فریشتەیەک کۆمەک بە سەندرێلا دەکاتو ئەو دەرفەتەی دەداتێ وەک ئەمیرەیەک خۆی بگۆڕێتو بچێت بۆ ئاهەنگەکە. لەئاراستەی دووەمدا نوسەری سەندرێلا چارەیەکی واقیعیمان پێشکەشدەکات، میر دەبێت خۆی سەندرێلا بدۆزێتەوە، تاکە شتێکیش کە لەبەردەستیدایە تاکێک پێڵاوە. بەبۆچوونی من لێرەدا لەبەردەم بابەتێکی گرنگدایین کە بایەخێکی گەورەی لەتێگەیشتنی خودی «جوانی» دا هەیە. سەندرێلا لێرەدا تەنیا کچێکی سادە نییە، بەڵکو میتافۆرێکە بۆ جوانی. هەموو جوانییەک. کە دەستخستنو دۆزینەوەی ئاسان نییە. واتە گەر لەڕوانگەیەکی ترەوە سەیری چیرۆکی سەندرێلا بکەین، حیکایەتی کچێک نییە کە دەیەوێت ئەمیر عاشقی بێت، بەڵکو حیکایەتی جوانییەکە دەردەکەوێتو وندەبێت، جوانییەک ئاسەوارێکی بچوک جێدەهێڵێتو دەبێت بەدوایدا بگەڕێین بۆ ئەوەی بەڕاستی بیگرین. لێرەدا ئازاری میر بۆ گەیشتن بە سەندرێلا گەورەترە لەئازاری سەندرێلا بۆ گەیشتن بە میر. یاخود لەڕاستیدا من کۆی چیرۆکەکە بە چیرۆکی گەڕانی میر بەدوای سەندرێلادا دەبینم، نەوەک چیرۆکی گەڕانی سەندرێلا بەدوای میردا.

بۆ میر بە ئاسانی ناگاتە سەندرێلا؟ گەر چیرۆکەکە بە جۆرێکی ڕاست بخوێنینەوە تێگەیشتن لەم پرسیارە ئاسانە. چونکە هیچ کەس بە ئاسانی ناگاتە جوانی. گرتنی جوانیو تێگەیشتنی کارێکە ماندووبوونو گەڕانی دووروودرێژی دەوێت. پێڵاوەکەی سەندرێلا ئەو کۆدەیە کە پێویستمان پێیەتی بۆئەوەی بتوانین بەدوای جوانی بکەوین. جوانی چەندە سادەبێت، هەمیشە لەجێگایەکی نهێنیو نادیارو نابەرچاودا ونەو شاردراوەتەوە، جوانی ڕاستەقینە هەرگیز دەمو دەست لەبەردەستدا نییە، هەمیشە ناوەکیو ژێرەوانکیو لەدیوە نادیارەکانی بووندا شاردراوەتەوە. جوانی شتێک نییە لەیەکەم بەرکەوتنو لەیەکەم دیداردا بتوانین بیگرین، ئەو بە کۆمەکی سیحرێک دەگاتە لای ئێمە، بەڵام ئێمە پێویستیمان بەگەلێک کۆدو گەڕان هەیە تا دواجار جەوهەرەکەی دەبینین. گەڕانی میر بە تاکێک پێڵاوەوە لەقەڵەمڕەوی مەملەکەتی خۆیدا، ئاماژەیە بۆ ئەو گەشتە سەمبولییە درێژەی لەڕێگایەوە دەبێت بگەینە جوانی. سەفەری سەختی میر بەدوای سەندرێلادا، ئاماژەیە بۆ سەفەری سەختی مرۆڤ بەدوای جوانیدا.

بە کورتی: ئەوەی لەم چیرۆکەدا ناگیرێت سەندرێلایە نەوەک ئەمیر. پێڵاوەکەی سەندرێلا ئەو سەرەداوە سیحراوییەیە کە دەبێت لەجوانی دەستمانبکەوێت تا بتوانین دوای بکەوین. دەبێت توانای ئەوەمان هەبێت پێلاوەکەی سەندرێلا بدۆزینەوە، توانای ئەوەمان هەبێت بۆی بگەڕێین، توانای ئەوەمان هەبێت لەمانای کۆدو شفرەکانی تێبگەین.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە دونیای ئێمە پڕە لەوانەی کە نەوەک ناتوانن بگەنە سەندرێلا، بەڵکو هەرگیز ناتوانن پێڵاوەکەشی ببینن. گەر پێڵاوەکەشیان بینی، بەزۆر دەیانەوێت بیکەنە پێی یەکەمو نزیکترین ناشیرینی لەخۆیانەوەو ئیدی لەسەر وەهمو خەیاڵی دۆزینەوەی جوانی دابنیشن. زۆریشن ئەوانەی کە دەیانەوێت «پێڵاوەکەی سەندرێلا» ون بکەنو بیشێوێنن.

ئەوەی بۆ جوانی دەگەڕێت دەبێت بتوانێت کۆدەکانو شفرەکانی بدۆزێتەوە، بێگومان سەندرێلا خۆی پیشانی هەموو کەسێک نادات، میر لەچیرۆکی سەندرێلادا ڕەمزی ئەرستۆکراتییەت نییە، هێندەی ڕەمزی ئەو ڕۆحانەیە کە بۆ جوانی دەگەڕێنو کۆڵ نادەن تا دەیدۆزنەوە. ئەوەی بۆ جوانی دەگەڕێت دەبێت بزانێت سەفەرێکی زۆر سەختترو ئاڵۆزتری لەپێشە، لەوەی چاوەڕوانی دەکات. جوانی سەرەتا تەنیا ئاماژەیەکت دەداتێ. تەنیا ئاسەوارێکی بچوکت لا جێدەهێڵێت. دواتر تەنیا ئەوانە دەیگەینێ کە دەتوانن بۆ دوور . زۆر دوور دوایبکەون.